www.regayrasty.com

## ئادابی تەلەفۆن

ڕەنگە یەکێک ئەم ناونیشان و بابەتەی پێ سەیر بێت کە تەلەفۆن بەکارهێنانیش ئادابی خۆی هەیە ؟! بەڵێ بێ گومان هەیەتی .. مەگەر کۆمەڵێک ڕەفتاری وەکو شێوازو ئادابی قسەکردن و ئەمانەت پاراستن و نهێنی گرتن و خەڵک ناڕەحەت نەکردن و ڕەفتاری تر لەخۆ ناگرێت ؟!

هەندێک لە زانایانی حەرەمەین و چەند زانایەکی ئەزهەریش باسیان لە ئادابی بەکارهێنانی تەلەفۆن کردووە ( چ تەلەفۆنی هێڵ چ تەلەفۆنی دەستی ) وەکو شێخ بەکر ئەبو زەید لە کتێبەکەیدا ( ادب الهاتف ) و محمد بن ابراهیم الحمد و شێخ سەلمان ئەلعۆدەو زاناو داعی تریش .. ئێمەش کە الحمدلله هەست پێ دەکەین هەموو خوشک و براکانمان ـ بە تایبەتی ئەوانەی لە وڵاتانی دەرەوەن ـ تەلەفۆن بەردەوام بەکار دەهێنن ، برای وا مان هەیە زیاتر لە تەلەفۆنێکی دەستی هەیە ، بۆیە ئەم بابەتە پێویست بوو بخرێتە بەردەستی هەموو لایەک ، تا لەمیشدا بە ئادابی ئیسلامی ڕەفتار بکەین ..

گومانی تێدا نییە کە تەلەفۆن نیعمەتێکی گەورەیە ، ئامێرێکی بیرخستنەوەو کات زانین و چاوکردنەوەیە ، کات و پارەیەکی زۆر بۆ بەکارهێنەرەکانی دەگێڕێتەوە ، زۆر سەفەریان بۆ کورت دەکاتەوە ..

1ـ ئەگەر تەلەفۆنەکە بۆ خزمەتی گشتی تەرخان کرابوو ، وا مەکە هەر بۆ خۆتی بەکار بهێنێیت و خەڵکی لێ مەحروم بکەیت ..

2ـ ئەگەر گشتی بوو ، زەنگەکەی لێی دا ، تۆ کە پەیوەندیت پێوەی نییە هەڵی مەگرەو وەڵام مەدەرەوە ، مەگەر لە مزگەوتێک بێت ، یان بنکەیەکی گشتی کە مافی وەڵامدانەوەیان تایبەت بە کەس نەکردبێت ، ئەوە بۆت هەیە وەڵام بدەیتەوە ..

3ـ کەم تەلەفۆن بکە ، ئەگەر کردت قسەی زیاد لە پێویستی تێدا مەکە ، چونکە هەم پارەی تۆ سەرف دەبێت هەم بەرامبەرەکەش لەوانەیە مەلەل بیگرێت و خواخوای بێت بیبڕێتەوە .. تۆ چوزانیت ئەو کاری گرنگتری هەیە یان نا ؟! کەسانی وا هەیە دەجار دەپرسێت : ئەرێ ماڵەوە چۆنن ؟! منداڵەکان ؟! فلان و فلان ؟! چیتان کرد ؟! چیتان خوارد ؟! ئەمە لە غەیری تەلەفۆنیشدا هەر ناشێت ! چونکە پێغەمبەر ρ لە حەدیسی سەحیحی بوخاریدا فەرموویەتی : ( ان الله یرضی لکم ثلاثا ویکره لکم ثلاثا .. ) واتە خوای گەورە سێ شتی ئێوەی پێ خۆشە ئەنجامی بدەن ، سێ شتیشتان دەبوغزێنێت :

لەوانەی دەیبوغزێنێت ، دەفەرموێ : ( قِيلَ وقَالَ وكَثْرَةُ السُّؤال ، وإضاعَةُ المال ) واتە : قسەو قسەلۆک ، زۆر پرسیار کردن و پارە بە فیڕۆ دان ..

4ـ مەهێڵە زۆر تەلەفۆن کردنت لێ ببێت بە خوو ! گەر خۆشت حەزت لە زۆر بەکارهێنانی بوو ، ئەوە بزانە کە خەڵکانی تری پێ ناڕەحەت دەکەیت ..

5ـ کە تەلەفۆن دەکەیت ، بەرامبەرەکەت ئیحراج مەکە بەوەی بڵێیت : دەی بزانم دەمناسیتەوە ؟! گەر دەڵێ : نا ، پێت وا دەبێت بێ روحمە ، بێ وەفایە ، سپڵەیە ..ئیهمالە ، ئەگینا چەند جارم ژمارەکەی خۆم داوەتێ هەر لای خۆی نەینووسیووە ، یان بایەخی پێم نەداوە .. هتد ! گەر دەڵێ بەڵێ دەتناسم ( رەنگە هەر لەبەر تۆ خۆشی بخاتە ئەو درۆیەوە ! ) دەترسێت دیسان هەڵی پێچیتەوە : دەی باشە من کێم ؟! ئاخر لەوانەیە بەرامبەرەکەت کەسایەتیەک بێت کە زۆر کەس پەیوەندی پێوە دەکات و هەموویان هەر ناناسێتەوە ، یان ژمارەکانتان تۆمار ناکات .. بە تایبەتی لەم زەمانی موخابەرات و گرتن و تەحقیقاتە زۆرانەی تاغووتاندا .. یان لەوانەیە ژمارەکەتی لە شوێنێکدا نوسیووە رێی ناباتەوە سەر ، چونکە ئێستا خاوەن تەلەفۆن وەک جاران نین پەنجا بۆ سەد کەس نەدەبوون ! ئێستا هەرچی دەیناسیت ژمارە تەفۆنێکی هەیە ! پەیامنێری کەناڵی تەلەفزیۆنی العربیة لە نەرویجەوە رایگەیاند کە لە هەر دەکەس لە نەرویج نۆ کەس تەلەفۆنی دەستی هەیە !!

باشتر نییە لە جیاتی ئەم ئیحراج کردنە ، یەکسەر بڵێیت : السلام علیکم ، من فلان کەسم بۆ فلان کار تەلەفۆنم کرد .. ئینجا شەرح بکەیت ..؟! خۆ ئەمەش وەکو لە دەرگادان وایە کە ووتیان : کێیە ؟! دەبێ ناوی خۆت بڵێیت .. لە هەردوو سەحیحی بوخاری و موسلیمدا لە جابری کوڕی عبداللەوە ـ خوا لێیان رازی بێت ـ هاتووە کە فەرمووی : چوومە خزمەت پێغەمبەر p، لە دەرگاوە بانگم کرد ! فەرمووی : ( مَنْ هذا ) ؟! ووتم : ( أنا ) : کە تەشریفی هێنایە دەرەوە هەر دەیفەرموو : ( انا انا ) واتە : منم منم ، ( بوخاری 6250 ، موسلیم 2155 ) یەعنی پێی پەسەند نەبوو .

6ـ موراعات کردنی بارو دۆخی بەرامبەرەکەت و بەهانە بۆ هێنانەوەی ، لەوانەیە نەخۆش بێت ، یان مەشغووڵە ، یان لە جێیەکی وەکو مزگەوتە ، دائیرەیەکە ، کۆبوونەوەیەکە ، میوانداریەکە .. هتد پێی باش نییە وەڵامت بداتەوە ، لەوانەیە زەنگەکەتی بۆ بچێت بەڵام ئەو هەڵی نەگرێت ، یان هەڵی دەگرێت بەڵام وەکو جارەکانی پێشوو بە گەرم و گوڕی لەگەڵتدا نادوێ ، وەڵامەکانی وان کە دەخوازێت لە کورتی ببڕیتەوە ، دە تۆش تێ بگە .. ئەگەر تۆ لەو بارودۆخەدا بوویت و تەلەفۆنت بۆ هات ، سووکە وەڵامێکی بدەرەوەو بڵێ دواتر خۆم بۆت دەکەمەوە ، بەڵام ئەوە بەڵێنەو بیبەیتە سەر ..

7ـ كە دەچیتە هەندێک شوێنی تایبەتی وەکو مزگەوت و ئەو شوێنانەی نیشانەی کوژاندنەوەی تەلەفۆنیان پێدا هەڵواسراوە ، خێرا بیکوژێنەرەوە ، یان بیخەرە سەر لەرزینەکەی ، با خەڵکی تر نارەحەت نەکەیت .. ئیهمال مەبە ، لە مزگەوتێک رەنگە بەقەدەر ژمارەی نیوەی نوێژخوێنەکانی رەسم و ئیتراری تەلەفۆن کوژاندنەوەم دی هەڵواسراوە ! کەچی لە ناوجەرگەی خوتبەی جومعەدا دەبینیت تەلەفۆنی یەکێک مۆزیکی موستار یان بتهۆفن لێ دەدات !! یان تازە بە تازە ئەی رەقیب لێ دەدات !! سەیر ئەوەی جاری وا هەیە خاوەنی ئەم مۆزیکە موزعیجە لە نوێژدایەو خاوەنەکەی بێ دەنگی ناکات ، بە بەهانەی ئەوەی نایەوێت لە نوێژەکەیدا بجوڵێتەوە !! کاکە برا ئەو جوڵانەوەیەت لە بەرژەوەندی نوێژەکەی خۆت و خواپەرستی خەڵکەکەی ترو رێزی مزگەوتەکەیە ، کورە ! دە جار دەست بجوڵێنەو بەس کپی کە !!

دیسان ئەگەر تەلەفۆنی کەسێک لاتەوە لێی دا ، عوزرێکی بۆبهێنەرەوەو ئەوەندە مەیدە بەر تیغی چاو ! لەوانەیە کابرا خاوەن شەخسیەتێکی بەرێز بێت و ئەوە یەکەمجاری بێت کە بیری دەچێت ! هەندێ کەس وا سەیری کابرای خاوەن زرەی تەلەفۆن دەکەن دەڵێی کابرا خۆی هەستاوەو گۆرانی دەچرێت !! نا یەکجار واش مەبن .. با لە ئاداب و رەفتاری پەروەردەییمان دەرنەچین .. ئەو کەسەی کە دوای ئیترایش هەر رێ لە تەلەفۆنەکەی ناگرێت ولێ دەگەرێت بزەرێت ! حسابی ئەعرابیەکەی بۆ بکەن کە هاتە مزگەوتەکەی پێغەمبەر ρ و دوای کەمێک کۆشی هەڵدایەوەو هەر لە ناو مزگەوتەکەدا میزی کرد !! یاوەران پەلاماریان دا ، پێغەمبەرρ فەرمووی ( دَعُوهُ ، واَهْرِيقُوا عَلَى بَولِهِ سِجْلاً من الماء ( او ذَنُوبَاً من الماء ) فَاِنَّمَا بُعِثْتُم مُيَسِّرِينَ ، ولَمْ تُبْعَثُوا مُعَسِّرِينَ ) البخاری 2201 واتە : لێی گەرێن ، دۆلکەیەک ئاو بێنن و بیکەن بەسەر میزەکەیدا ، خۆ ئێوە بۆ ئاسانکاریی هیدایەت دراون نەک بۆ قورسکاریی !!

8ـ دەنگێکی شیاو بۆ تەلەفۆنەکەت هەڵبژێرە ، چونکە جاری وا هەیە لە مزگەوتیت و تەلەفۆنت بۆ دێت ، یان لای کەسایەتی بەرێزو ناوداریت و تەلەفۆنت بۆ دەکرێت ، با زەنگێکی وا نەبێت شەرمی لێ بکەیت .. هەیە قورئان یان بانگی دەخاتە سەر ، یان هاوارە ، یان دەنگی باڵندەیە ، قورئان و بانگەکە باش نین ، چونکە لەوانەیە تۆ لەسەر ئاو بیت و زەنگت بۆ بێت ، یان ناچار دەبیت ئایەتەکە ببریت و ناهێڵیت تەواوی بکات ..

9ـ ئەگەر لە کۆری زانستی شەرعدایت ، یان لە دەرسێکی مزگەوتیت ، یان کۆرێکی پیاوماقووڵانەو باس لە شتی زۆر جیددی دەکرێت ، تەلەفۆنەکەت خامۆش کە ، یان بیخەرەر سەر لەرزینەوەی ، چونکە زەنگی ناکاوی تەلەفۆن هەیبەت و سامی کۆرو دەرسەکە دەرەوێنێتەوە ، قسە بە خۆت یان بە خەڵکی دەبرێت ، بەلام ئەمە مانای واش نییە تەلەفۆنەکە لە خۆت حەرام کەیت ، نا ، چونکە لەوانەیە تۆش چاوەروانی

تەلەفۆنێک بکەیت ، یان ئیحتیمالی پەیوەندی ماڵ و منداڵەکانت یان کەسێکی تـرت بیت ، بۆ نموونە تۆ لە دەرسیت و چاوەڕێی تەلەفۆنی دایکیشتی لە کوردسـتانەوە ، خۆ ناکرێت وەڵامی دایکیشت بوەستێنیت .. نا ، ئەگەر تەلەفۆنت بۆ هات ، مۆڵەت لە حازریان وەرگرەو بچۆ دەرەوە ..

10 ـ نەکەی بێ مۆڵەت و ڕەزامەندی بەرامبەرەکەت دەنگی تەلەفۆنەکەت بـۆ دەرەوە بکەیتەوە ، یان بیخەیتە سەر بڵندگۆ ( موکەببیرە ) یان تەسجیلی بکەیت و دوایی بـە کابرای بەرامبەر بڵێیت : دەنگەکەیم کردبۆوەو فلان و فیساریش گوێیان لێ بوو ، یان تەسجیلم کردووە !! مافی هیچ یەکێک لەمانەت نییە ، چونکە ئەو قسـەکەی بـۆ تـۆ کردووە ، لەوانەیە ئەو نەیەوێت بە ئامادەیی فلان کەس ئەو قسەیە بکـات .. دەبێـت پێشتر بە بەرامبەرەکەت بڵێیت ، چونکە ئەم ڕەفتارە خیانەتە لـە راسـپاردە !! یـان دووزمانی لێ دەکەوێتەوە !! ئەم کارە ناشیرینتر دەبێت ئەگەر بەرامبەرەکە داعیـەک یان زانایەک یان کەسایەتیەکی ئیسـلامی بێـت و دواتـر قسـەکەی بـڵاو ببێـتەوە ، لەوانەیە ببێتە شریتێک و بخرێتە سەر ئینتەرنێت !! دوایی خەمی پێ بخوات ، چونکە ئەگەر پێی بووترایە بڵاوی دەکەینەوە ، گەر رازی بوایە باشـتر بابەتەکـەی ئامـادە دەکرد .. یان لەوانەی ئەو تۆی ناسیبێت و ئەو قسەیەی بۆ مامەڵەو کەسـابەتی تـۆ یان وەک فەتوایەکی تایبەت بۆ تۆ دابێت نەک بۆ بڵاو کردنەوەی گشتی !!

شێخ بەکر ئەبو زەید ( کە لە گەورە زانایانی حەرەمەینە ) لە ( ادب الهاتف ) ەکەیدا لا 28 دا دەفەرموێ : ( ئەگەر قسەی کەسێکت بێ ڕەزامەندی خۆی تەسجیل کرد ، ئەوە فێڵ و فریوو دان وخیانەتت کردووە ، ئەگەر بێ ڕەزامەندی خـاوەنی بـڵاوت کـردەوە زیاد لە خیانەتەکە ، خیانەتیشت لە ئەمانەتەکەی کردووە ، ئەگەر کتوپچڕت کرد بۆ سەرخسـتنی رای خۆشـت لێـت لابـردو دەسـکاریت کـرد ، ئـەوە بزانـە کۆمەڵێـک خیانەتکاریت لەسەر دینەکەت کەڵەکە کردووە . ) .

11ـ ئاگاداری تەلەفۆنت بە و لە شوێنی وا دایمـەنێ منـداڵ یـان هــەرزە دەسـتیان بیگاتێ ، یان لەملاو لاتەوە بە ئیهمالی فێر مەبە داینێیت ، چونکە هەندێک ژمـارە و وێنەو دەنگی تایبەت بە خۆتت تێدا تەسـجیل کـردووە ، بـا نەکەوێـتە بەردەسـتی کەسانی فزووڵی و قەرەچەناخ و جاسووس ، یان نەبادا یەکێکی تر لە ناخـافڵی تـۆ هەڵی گرێت و بەکاری بهێنێت و دوایی فاتۆرەکەی بێتەوە بۆ تـۆی بـێ ئاگـا !! یـان لەوانەیە لە تەلەفۆنەکەی تۆوە پەیوەندییەک بکرێت کە دواتر بـۆ تـۆ ببێـتە سـەر ئێشە .. یا لەوانەیە کابرا بە بەهانەی سەیر کردنیەوە بیدزێت !! لەسەر ڕێسای :

( ئەگەر زانیت ئەزم .... ئەگەر نەتزانی دزم )

12 ـ ڕەسم گرتن بە تەلەفۆنە دەستیەکەت مەکە بە خوو ، ئەگەر بەکارت هێنا با لـە شتی پێویستدا بێت ، با ڕەسمێکی وای تێدا نەبێت شەرمت لە بینینـدا هەبێـت ، یـان

دژی خۆت بەکار بێتەوە ، ئاممان ئاگادار بە لە شایی و زەماوەندو ئاهەنگ و کۆڕی ژناندا رەسمی نهێنیٰ خەڵکی پیٰ نەگریت ودواتر خاوەنەکەی بزانیت و لەسەری ببێتە شەڕو دەعوا .. خوشکێکی بچووکت رەسمی کچێکی لە ئاهەنگێکدا پیٰ گرتبێت و رەسمەکە لای تۆ ببینرێت ، چ تەفسیرێکی دەبێت ؟! ئاگاداریش بە رەسمی دۆبلاج کراوت بۆ نەنێرن .. سەر هی یەکێک بێت و بەدەنەکەش هی سەماکەرێک ! ئەمەیان بیست ساڵ لەمەو بەر بۆ ئەربەکانی تورکیا ساز کرد ! کارتێکردنی سلبیشی زۆر بوو .. ئەم رەفتارە رەنگە خێزانی پیٰ هەڵبوەشێتەوەو دوژمنداریٚتی پیٰ بکەوێتەوە ..

13 ـ ئەگەر بە تەلەفۆنەکەت نامەیەکت نارد ، با نامەکەت وا نووسیبێت کە دوای چەندین ساڵ یان بۆنەی تر یان لەکاتی ئیختیلافات و لێک زویر بوونتاندا دژی خۆت بەکار نەیەتەوە ! هەمیشە با نامەکانت یاد خستنەوەی خوای گەورەو بۆتەقواو دینداری بێت ، یان ئەگەر هەزەلیات و سوعبەتیشە با لە چوارچێوەی شەرع دەرنەچێت ، وا بکەیت پەشیمان نابیتەوە ..

14 ـ پێش ئەوەی تەلەفۆن بکەیت ، یان نامە یان هەواڵ یان وێنەکە بنێریت ، لە ژمارەی بەرامبەرەکەت تەئکید کەرەوە ، نەبادا بە هەڵە ژمارەیەکی تر لیٰ بدەیت ، ئەمە هەم ئیزعاج کردنی خەڵکە هەم فەوتان یان بیٰ سوود بڵاو بوونەوەی نامەکەتە ، جگە لە ئیحتیمالی دژواری ناوەڕۆکی نامەکەت ، تۆ لەوانەیە وویستبێتت هەواڵی کوژرانی تاغووتێک بە من بگەیێنێت بەڵام ژمارەکەت بە هەڵە لێداوەو بۆ یەکێکی ترت ناردووە کە بە هۆی ئەو هەڵەیەوە کەشفت دەکات .. یان تۆ نامەیەکی گەنجانەیە بۆ رەفیقێکی خۆتت دەنارد بەڵام ژمارەی مامۆستا بەڕێزەکەی خۆتت لێداوەو نامەکەت بۆ ئەو چوو !! ئیدی حەتمەن ئەویش گومانی خراپی بەرامبەرت بۆ دروست دەبێت ..

15 ـ تەلەفۆنەکەت ـ هەرچەند پێشکەوتوو بێت ـ مەیکە بە مایەی ریابازی و خۆ پێوە بادان ، پێوەی مەنازە ، وا لە خەڵکی مەگەیێنە کە زۆر دەوڵەمەندی و ئەوەتا ئاخر مۆدێلی مۆبایلی گرانت کڕیووە ! چونکە تەلەفۆنیش ـ وەکو جل و بەرگ و خواردن و خانوو سەیارەو وەزیفەو پارەو نەوە و زۆری دەست و پێوەند ـ دەبێتە هۆکاری ئەو شانازیی کردنە ناجائیزەو خوا لاماندا دەبێتە هەڵدێری ریٚی خواوویستی .. یان خۆ بادان بەوەی کە فلان پیاو ماقووڵ یان بەرپرس تەلەفۆنی بۆ کردوویت ، یان تۆ دەتەوێت بۆی بکەیت ، لەبەر چاوی خەڵکی نەڵێین : بە خوا زۆر عەیبە مامۆستا فلان تەلەفۆنی بۆ کردم مەشغووڵ بووم نەمتوانی وەڵامی بدەمەوە ، ئەریٰ ئێستا بۆی بکەمەوە گونجاوە ؟!! یان ناوی شێخێک کەسێکی ناودار دەهێنرێت ، تۆش دەڵێیت جا بۆ لە فلان ناپرسیت ، حەز دەکەیت با تەلەفۆنەکەیت بدەمیٰ ، یا با بۆت وەرگرم .. یان هەندیٰ کەس بۆ خۆ هەڵکێشان لە کۆڕو کۆمەڵێکدا تەلەفۆن بۆ ناودارێک دەکات و قسەی وای لەگەڵ دەکات وەکو یەکێکی هاوشانی خۆی ، بۆ ئەوەی

حازرین وا حاڵی کات کە ئەو ناوداره رەفیقی ئەمەو ئەمیش لە ریزی ئەودایە !! جا لەوانەیە لە تەلەفۆنەکەشدا تێی خوڕێت ، یان لێی تووڕە ببێت ، یا نازی بەسەردا کات .. تا بیسەلمێنێت کە ئەوەندە لێوەی نزیکە ..

16ـ ئەوە چاک بزانە وەک بۆت نییە تەماشای ماڵە دراوسێت بکەیت ، یان جانتای هاوڕێکانت بکەیتەوە ، یان نامەی تایبەتی یەکێکی تر بخوێنیتەوە ، بە هەمان شێوەش بۆت نییە تەماشای تەلەفۆنی یەکێکی تر ـ بێ مۆڵەت وئیزن ورەزای خۆی ـ بکەیت ! ئەمە سڕ هەڵماڵینی خەڵکییە ، ئەمەش جۆرێکە لە خیانەت ، دەرگایەکی گومان خراپییەو سەردەکێشێت بۆ غەیبەت و دووزمانی و فیتنەیی ، لەوانەیە لە پەلەپڕوزێدا فریای ئەوە نەکەویت هەموو نامەکە بخوێنیتەوە ، ئیتر بە هەڵە لە مەبەستی نامەکە تێ دەگەیت ! یان خۆت بە پێی هەواو هەوەسی خۆت بۆشاییەکان پڕ دەکەیتەوە !! بەمەش حەتمەن دەکەویتە هەڵەو پەڵەو گوناحەوە .. لەوانەی نامەکە هی کابرا بێت کە بۆ خێزانەکەی نوسیبێت ، تۆ بە گومانێکی تر بۆی لێک دەدەیتەوە ، لەوانەیە ژمارەیەکی پۆلیسی لەندەنی تێدا بێت ! ئیتر تۆ وا بزانیت ئەم برایەمان لە موخابەراتی بەریتانی کار دەکات !! نامەخوا موسوڵمانانیش بۆ یەکتر شکاندن ئازان ! ئیتر زنجیرەیەک بۆچوونی بۆگەن بەو ژمارەدا دەڕوات ! جگە لەوەی هەر کەس دەگاتە ئەوی تر حەزەر دەدات ، هەی نەکەن توخنی فلانی بکەون ، قسەی لا نەکەن ، نەچنە ماڵی ! نەهێڵن بێتە ماڵتان !! بۆچی ؟! چونکە موخابەراتەو ژمارەی موخابەراتی لایە ! لەوانەیە قسەکانتان هەر ئەو کاتە بۆ پۆلیس بنێرێت !!

ئێ ئاخر ئەگەر گریمان جاسووسیش بوو ، خۆ ئێمە نەخشەی کۆدەتای سەربازیمان نییە لە تۆنی بلێری بکەین ، یان بە هێزی سووپا بچینە سەر مەلیکە ئەلیزابێس!! خۆ نەشمان ووتووە سەگەکەی شیریی بلێر ناشیرینە !! ئێمە کە دەستمان بە کڵاومانەوە نەماوە ، هەردوو قاچمان بە ئیقامەکەمانەوە بەستووە تا وەزارەتی ناوخۆ نەیبات ، چیمان داوە لەو سیاسەتە نەگریسە ..

نێردراوە بۆ ڕێگای ڕاستی لەلایەن بنکەی دیدی نوێ

www.regayrasty.com